کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

19-8-2007 20:51 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## قەلەمەکەت بشکێنە چونکە تۆ لە خەمی ژناندا نیت ... سۆزانی خالە شەهاب

ئەندام پەرلەمانی کوردستان

زۆر سەیرم لێهات لە شەڕی نێوان دوو ژنی بەناو ڕۆشەنبیر و خەمخۆری ژنان کە هەریەکەیان سەر بە



تەکەتولێکن (کە پیاوان بە ڕێوەی ئەبەن) خاتوو کەژاڵ ئەحمەدی شاعیر و خەمخۆری ژنان جارێکی تر مەسەلەی قەڵەمەکەی منی باس کردۆتەوە کە بۆتە گرێەکی گەورە لە دەروونیدا، من لیرەدا تەنها وەڵامی ئەو بەشە دەدەمەوە کە باسی خۆمی تێدا هاتووە و شەڕەکەی تر بۆ هەردوو لا بەجێدەهێڵم چۆنکە من لایەن نیم تێیدا تەنها ئەم چەند خاڵە نەبێت

1- ئەو بەڕێزەی کە خۆی بە داکۆکیکەری مافی ژنان دەزانێت دیارە خوێندنەوەیەکی تەواو هەڵەی هەیە بۆ کێشەی ژنان و بەتایبەتی بۆ من چونکە نەمن بە خزمەتی ئەو گەیشتوم ونە ئەویش دیارە باش من دەناسێت، چونکە لە سەرەتای نوسینەکەی بەڕێزی دەڵێت (بە داخەوە دوای ئەو هەموو ساڵە کەچی تەبەعییەتی ژن کە لە سەردەمی بەعسدا هەبووە تا ئەمڕۆ و سەردەمی حوکمی خۆماڵیش درێژەی هەیە) تا ئێرە و من دەڵێم ئەگەر خوێندنەوەیەکی زانستیت هەبوایە بۆ کێشەی ژنان هەڵبەت دەتزانی ئەو تەبەعیەتەی جەنابت باسی دەکەیت زادەی ئەو کولتوورەیە کە ژنی کردۆتە پاشکۆی پیاو و هەر لە ئاستی هوشیاری و ئابووری و ناوچە هەمووی کار دەکات سەر کارەکتەری ژن و هەڵسو کەوتی، ئەوەش نەک تەنها لە سەردەمی بەعسدا هەبووە بەڵکوو لە دێر زەمانەوە پێگەی ژن بەستراوەتەو بە ئاستی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایە ئەی بۆ لە شانزە ساڵ حوکمی خۆماڵی خۆت وتەنی نە گۆڕا؟ کە واتە کۆمەڵگاکەمان هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە و ژنی ئەم کۆمەڵگایەش بەشێکن لەم کۆمەڵگایە و هەموو گۆڕانێک بەسەر کۆمەڵگادا بێت ئەوانیش دەگرێتەوە ... ... ... .

2- ئەوەی من و بنەماڵەی من دەناسێت دەزانێت ئەوەی تەبعیەت بێت لە ژنی بنەماڵەی ئێمەدا نیە چونکە ئێمە لە بنەماڵەیەکی ڕۆشەنبیر و سیاسی گەورە بووین، بە خۆ هەڵکێشانەوە نایڵێم بەڵام بەوپەڕی فەخرەوە دەیلێم من کوڕەزای شاعێرێکی وەک شێخ نوری شێخ سالەح بم و کچی شەهابی شێخ نوری بم و ئەوان گۆشیان کردبم هەڵبەت ئەوەی دەشمناسێت دەزانێت من تابعی کەسم یان نا ... ... . ؟

3- کەمن وەڵامی شاکارەکەتم نەدایتەوە ئەوە بوو کە بە گرنگم نەزانی بۆتی ڕوون بکەمەوە بۆ قەڵەمەکەم وا داناوە، و لێرەشدا حەز ئەکەم پێت بڵێم هەموو کەسێک لە چرکەیەکدا لە لاشعوردا هەڵسوکەوتێک یان ڕەفتارێک بکات ئیتر مەرجیش نیە بە ئەنقەست بێت بەڵام ئافەرین بۆ یەکێتی ژنان و ڕۆژنامەکەی کە لەم هەموو بێسەر و بەرییەی کە ژنی کوردی تێدایە ئەم وێنە یە وەک سەرکەوتنێکی گەورە و مێژوویی و بە قەبارەی گەورە بڵاو بکەنەوە، بەڵام بەداخەوە پەیامنێرەکەیان ئەوەندەی خەریکی ئەم وێنەیە بوو ئاگای لەوە نەبوو من لەسەر بارودۆخی ژنانی ناو زیندانەکان چیم ووت و باسی نەکرد نە بەچاک نەبە خراپ چونکە ئەو خەریکی وێنە گرتنی ناو هۆڵەکە بوو و بە لایەوە گرنگ نەبوو چ باسە لە ناو هۆڵەکە. ئەوەی من دەناسێت دەزانێت من چەند سەربەستم و بەسەربەستانە هەڵسوکەوت دەکەم، و لە دڵی خۆمدا ووتم ڕۆژێک دەبێت یەکتر دەبینین و بە شێوەیەکی سەردەمیانە گفتووگۆ دەکەین و هەڵبەتە لە دوای دانیشتنەکە باشتر دەمناسێت و خۆی پەشیمان دەبێتەوە، بەڵام بێ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19-8-2007 20:51

ئەوەی من نووسەری ئەو بابەتەی وەلامی خانمی دابۆوە نە لە دوور و نە لە نزیکەوە بناسم خۆی وەک نووسەرێک وەلامێکی ڕەخنەگرانەی دابۆوە، کە خانمی بەڕێزیش لە دوای نووسینی ئەو برادەرە بە هیچ جۆرێک نە وەلامی دایەوە و نە باسی کردەووە، هۆکەشی ئەوە بوو ئەو زۆر بابەتیانە ئەو ڕەفتارەی منی شیکردبۆوە و خانمیش زۆر سەرپێیانە مەقالەکەی نووسی بو ... ... ... ... ... ... ... ..
نازانم ئیتر بۆ ئێستا برینەکەی کولاوەتەو و خەمی ژنی کورد دەخوات کە لە تەبەعیەتی پیاو دەرناچن ... . ؟ نازانم تەبەعیەتی من بۆ یەکێک چییە کە لەم ولاتە نازی و نایناسم بەلام بە ئەرکی خۆی زانیوە کە شیکردنەوەیەکی زانستیانە بۆ ڕەفتارەکەی من بنوسێت و بۆ خانمی ڕوون بکاتەوە کە ڕەفتارەکەی من بەلای ئەوە ئاسایی بووە ... ... ... ... ..
خانمە رۆشەنبیرەکە، من ئەم وەلامەم بۆیە بۆ نووسیویت بۆ ئەوەی نەلێیت ئەو ئەندام پەرلەمانە نەخوێندەوارە بۆیە ئەمجارەش هەر ناوم هێنا بەلام نەیتوانی وەلامم بداتەوە، لە دلی خۆما ووتم با ئەم چەند دێڕەت بۆ بنووسم بەلکوو ئەو خەمەت لە دل دەرچێت و چیتر بەدوای فرسەتدا نەگەڕییت و لە بابەتێک کە نەمن تێیدا بەشدار بووم و نە ئاگام لێێ بووە هەر بۆ ناو هێنانم باسی منی تێێدا بکەیت ئەم وەلامە کورتەم دایتەوە ... ... ... ... ... ... ...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.